www.kurdistannet.org
بەكاتی ناوەندی ئەوروپا 23:35 7-3-2007

## یەكێتی لە دوڕیانی چارەسەر ... خالد گڕاوی

Khalidabdula2000@yahoo. com



ڕەخنە گرتن لە یەكێتی و بەرز كردنەوەی دەنگی ناڕەزایی لە بەرامبەریدا، ئاماژە كردنە بەو دیموكراتیەی كە لە سەرەتای دامەزراندنیەوە وەك سیستەمێكی بنەڕەتی نوێبونەوەی كاری لەسەر كراوە، بونەتە پایەی قایمی وەستانی، لەبەرامبەر ئەو هێرش و فشارە زۆرانەی كە بەردەوام لە قۆناغەكانی خەباتی ڕوبەڕوی دەبونەوە، دیالۆگ و ڕای پێچەوانە كەمجار كاریگەری دەبێت لە بەرامبەر دەستەڵاتی بڕیاردەر، بەڵام دەربڕینی بۆچونەكان زۆر جار بۆ بەتاڵ كردنەوەی ناخ و ڕادەی فەراهام كردنی ویژدان دەردەبڕێن، كەم جار رەخنەو پێشنیارەكان بەهەند وەردەگیرێن و دەبنە بۆچونی كاركردن لەسەری بە شێوەیەكی پۆزەتیفانە.

ئەوەی چاو بە مێژووی خەباتی گەلەكەمان لەنیوەی دوەمی سەدەی ڕابردوو بخشێنێتەوە، بۆی دەردەكەوی كەیەكێتی و سەركردایەتیەكەی چەندە داهێنەرو دەست پێشخەر بونە لە داڕشتنی نەخشەی سیاسی هەرێمەكە، لە پێشبینی كردن و خوێندنەوەی زانستیانە بۆ هەمو قۆناغەكانی خەباتی سیاسی و پێشمەرگایەتی، هەر لە هەڵگیرساندنەوەی شۆڕش دوای نسكۆی 1975داهێنانی پارتیزانی كە شێوەیەكی چەكداری گونجاو بو، بۆ ڕوو بەڕونەی ئەو كاتە، زەرورەتی دورستكردنی بەرەی كوردستانی، داڕشتنی پلانی ڕاپەڕین، لە دورستكردنی شانەی چەكدارو تەرخانكردنی ڕادیۆی گەلی كوردستان و، ئاراستە كردنی پێشمەرگەو. . . تەواوی ئەوانەی پەیوەندیان بە ڕاپەڕین هەبو كە وردەكاریەكان لای خەڵك شاراوە نیە، پاش ڕاپەڕینش پێداگرتنی لەسەر نەهێشتنی پاشاگەردانی بەرەی كوردستانی جەخت كردن لەسەر هەڵبژاردن و پێكەوەنانی حكومەتی كوردستان وە بڕیاردان و سوربون لەسەر مەسەلەی فیدراڵی كەبڕیاری لێدراوی كۆنگرەی یەكەمی لە ساڵی 1992 بوو، دواتر لە پەرلەمانیش بوە خواستی سەرانسەری گەلی كوردستان و بوە بنەمای چارەسەری كێشەكان لە سەر ئاستی عێراق.

كاریگەری هەڵوێستی سیاسی یەكێتی لە پێناوی بنبڕكردنی ئاسەواری شەڕی ناوخۆ، كۆمەڵێك تەنازولات بوو بەرامبەر بە پارتی، لەپێناوی گێرانەوە ی حكومەت و پەرلەمان و دواتر بۆ هەڵبژاردن سەرتاسەری كاریگەر بون بۆ كەم كردنەوەی سەرجەم ئەو ئاسەوارە خراپانەی كە لە قۆناغی ناتەبایی دورست بوبون.

ئیستا كزی سیاسەتی دوربینانەی یەكێتی زۆرتر هەستی پی دەكری، پاشەكشێ بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، سەرقاڵ بونی سكرتێری گشتی و، بەشێك لە مەكتەبی سیاسی و سەركردایەتی بە كاروباری عێراق دوركەوتنەوەی لەقەراری سیاسی حیزبی، مەركەزیەتی حیزبی لاواز كردوە، كە ڕاستەو خۆ كاریگەر بوە لە زیاد كردنی پارسەنگی كێشەكانی ناو سەركردایەتی، دواتر ڕەنگ دانەوەیان لەناو حیزب و حكومەت.

ئەو یەكێتی یەی كە زۆربەی خەڵكی كوردستان دەنگیان بۆ دا، ئومێدی ئایندەی گەشیان لەڕێبازەكەی بەدی دەكرد، ئەمڕۆ كێرفی ئەو ئاواتانە بەرەو كزی دەڕوات، لەسەر ئاستی ناوخۆ، شێوە پەرتەوازەیەكی تیایە، كاریگەری ناوچەگەریو، تەكەتول و، مەحسوبیەت و، گەندەڵی و قۆرخ كردن

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكەیەتی كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

دەستەڵات بونەتە فاكتەری دەركردنی بڕیاری خێرای دور لە شێوازی زانستیانە كە زیاتر كاریگەری مەزاج و بەرژەوەندیە تایبەتیەكان بەسەرەوەیە.
لەسەر ئاستی هەرێم پاش تێكەڵ بونەوەی ئیدارە، زۆر بە ئاشكرا بێتوانایی جێگری سەرۆكی حكومەت و وەزیرەكانی یەكێتی هەستی پێدەكری، دەكری بپرسین ئەگەر یەكێتی هاوبەشە لە حكومەت وپەرلەمان، بۆ لە دەستەڵاتی جێبەجێ كردن بڕیاردان هاوبەش نین، وەزارەتەكان لە فۆرم زیاتر لە بارەگای حیزبی دەچن، لە جیاتی پۆلیس بە زێرەڤانی پارتی دەورە دراون، كارەكانی حیزبی بەرامبەر نەوەستاوەو، درێژە پێدەری ڕێچكەی پێشوە و، بە گوڕتر ئاراستە دەبرێ، لە بەخشینی زەوی ودامەزراندن و كار نەكردن لەسەر بڕیارەكانی پەرلەمان، بۆ نمونە ئەگەر تەنها دیاردەیەك باس بكەین بڕیاری هەڵواسینی وێنەی مام جەلال و كاك مەسعود بەیەكەوە لەسەرجەم دام ودەزگا حكومیەكان تا ئێستا وەك پێویست كاری پێنەكراوە، تەنها لە وەزارەتە كانی لیستی سەوز بەدی دەكری كەمتر لە بەڕیوەبەریەكانی جی بەجێكراون خۆ لە وەزارەتەكانی سەر بەلیستی زەرد وێنەكانی پێشو لە شوێنی خۆیانن، لە قوژبنێكی ژورەكان وێنە تازەكە زیاد كراوە، بەشێك لە بەڕێوەبەرایەتیەكان ئاگاداری بڕیارەكەش نین.
لە قەزاو ناحیەكانیش هێشتا مەلیك ماوە، كاریگەری ترس و تۆقینی ساڵانی شەڕی ناوخۆ ئاسەواری زۆری جێهێشتوە، كەم كەس هەن زاتی ئەوە بكەن بینایەك بەكری بدەنە بارەگایەكی یەكێتی یا بیفرۆشن، لایەنگرانی یەكێتی نازێكیان هەیە لە سەری، نایانەوی هاوڵاتی دەرەجە دوو بن، ئەگەر یەكێتی نەتوانی لە ئاست دابین كردنی داخوازیە سەرەتایەكانیان بێت، ئەوە ئەو متمانیەیان لە دەست دەدات كە پێشتر لەسەر بنەمای تواناو پشتوانی پێیان دابو.
بۆیە باشتر وایە یەكێتی چیتر خۆی بەبەشێك نەزانی لەم بارودۆخەكە ترس خولقێنەرە بە زمانی ڕون وشەفاف ئەو كۆسپ و ڕێگرانە بخاتە بەردەم ڕای گشتی و هۆكارەكانی لەرزۆكی حكومەت دیاری بكات، نەبێتە پاشكۆ لە دەستەڵاتی هاوبەش، خۆی دوربخاتەوە، بەكشانەوە لە حكومەت، وەك حیزبێكی بەرهەڵستكار كاری ڕێخراوەیی بكات، وە بەدڵنیایەوە ئەو كاتە پشتیوانی زیاتری لی دەكری لەناو جەماوەر و لە هەڵبژاردنی داهاتو سەركەوتن بەدەست دەهێنی و ئۆباڵی ئەو وەزعە سیاسیە نامۆیەش دەكەوێتە سەر شانی حیزبی دەستەڵاتدار.

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكەیەتی كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.